

### شاعیری گەورە بۆسنی عیزەت سرایلیتش:

# من بەو گوللەیەی لە دڵی براکەم درا، بوومە شاعیر..!

**و: شێرزاد هەینی**

شاعیری گەورەی عیراقی عبدالوهاب البیاتی لە ساڵی 1977 شاعیری گەورەی بۆسنی (ئێستا) و یوگوسلاڤی جاران عیزەت سرایلیتشی ناسیبوو، لە ژێری سەردێری عیزەت سرایلیتش بە گوڵدانی رووباری درینا لە گۆڤاری الاقلام ناساندبوو ..! ساڵانە لە ڤیستیڤاڵی شیعری جیهانی کە لە سرایێڤۆ هەموو بەهاریک سازدەکرا ئاشنای بووە، لە وتاریکدا چەند پارچە شیعرێکی کردبووە عەرەبی، وەک ئەو پارچە شیعرە:

دەگەرێم و من دەمەوێت کوچەیەکم بەناو بکرێت ..
با شەقامە ئاپوورەکان بۆ گەورەکانی مێژوو بێت،
من کوچەیەکی گچکەم دەوێت، با کوچەیەکی ئاسایی بێت،

دوور لە نیگاو چاوی خەڵک، ئازادانە،
پاش مردنیش .. من گەشتی شار دەکەمەوە!
با ئەو شارە وشک بێت .. کەلاوە بێت، بێ سەوزایی
قەیدی ناکات .. من دەمەوێ!
گرنگ نییە، کەلاوە بێت .. سەگ و ئاوارەی تێدا بحەوێتەوە.
گرنگ نییە .. یەکەمین جار .. کەلاوەش بووبێت.!
گرنگ نییە، با کوچەو کۆڵانی تەنگەبەریش بێت
گرنگ نییە هەرچی بێت، پەرستگا بێت
من دەمەوێ، ئەو کۆڵانەم بەناو بکرێت، بەڵام ...
کەسی تێدا زیندان نەکرێ
کەسی تێدا بریندار نەکرێ
کەسی تێدا بێوار نەکرێ.

سرایلیتش لە ساڵی 1930 لە سرایێڤۆ لەدایکبووە، لەوێش ژیاوە، 5 ساڵ لەو شارە شەڕبووە، گەمارۆشدراوە، ئەو لە ژێرزەمینی تارو ترسناکدا شیعری تووڕەو خەمناکی نووسیوە. بەربەرەکانی ترس و مردنی کردووە، قوربانی زۆری داوە، ژنەکەی و دوو خوشکی لەو رۆژانەدا مردوون، بەڵام ئەو بەرگەی گرتووە نەبەزییووە. لەو رۆژانەدا کتێبی (کتێبیماڵئاواییەکانی) نووسیوە. لە شیعرەکانی رۆژانەی گەمارۆو باسی گەمارۆو تەمەنی بەبابردووی ئەو رۆژانەی نووسیوەتەوە، باسی هاورێییە دڵسۆزەکانی کردووە، باسی سرایێڤۆی جوان دەکات، ئازایانە بە گوێ دونیا دەچرپێنێ و هاوار دەکات.

**بریدراج ماتشڤیتشی هاورێی دەڵێت:**

کلیلی سرایێڤۆ عیزەتە! چونکە ئەو هەزار رۆژ لەناو گەمارۆکەدا مایەوە، دەیتوانی کۆچ بکات، بەڵام نەرۆیشت ئاسانیش بوو، دەیتوانی کۆچ بکات، ئەو کەسێکی ئازاو خۆراگربوو، ئەو ماوەیە بە نیگاکانییەوە ئاخاوتنی لەگەڵ ئەو شارە کردووە، دیارە وشەو زاراوەکان بەشی دەربڕینی خۆشەویستیەکانی نەدەکرد.

لەسەردەمی شیوعیەتی یوگوسلاڤیادا عیزەت کەسێکی نەفرەتلێکراوبووە، لە سەرۆکایەتی نووسەرانی وڵات دەرکراوە، تەنها 17 رۆژ بە سەرۆک ماوەتەوە، چونکە ئەو نەیتوانیووە گوێرایەڵ و ئەڵقەلەگوێی بەرپرسەکان بێت.. بۆیەش زوو گۆڕاوە.

**نووسەری ئەو ریپۆرتاژە نووسیویەتی:**

بۆ ئەوەی رازی بێت دیمانەمان بکات، مەرجی ئەوەی هەبوو، ئەو بە زمانی دایکی قسە بکات، وەرگێری لێمان ویست، بە ناچاری خاتوونێکی بۆسنی فەرەنسی زانمان لەگەڵ خۆمان برد .. لەکاتی دیمانەکەماندا قسەی بۆ دەکردین و گەمەی لەگەڵ پشیلەکەشی دەکرد. بۆیەش وتبووی:

ئەم پشیلەیەو کورەزاکەم هۆگری من بوون، لە رۆژانی گەمارۆدانەکەدا لەگەڵمدا مانەوەو ئەزیزم بوون.!

ـ عبدالوهاب البیاتی لە کوێیە ..؟

له پایتەختی ئوردن له عومان دەژیت.

ــ بۆ ..؟؟!

له تاراوگەیه، وەک هەزارەها رۆشنفکری تری عیراقی.

ـ ئاخ وا نووسراوە، دەبێ شاعیرانی گەورە هەر له تاراوگە بژین، هەر دەربەدەربن! بەردەوام له وڵاتی خۆیان دەرکراون، ئەو کەسێکی بەوەفابوو، تاکە نووسەری عەرەب بوو نووسینە عەرەبیەکانی بۆ دەناردم .. ئەدی محمود درویش له کوێیه ..؟؟

نەخۆشە، لەو ماوەیەدا نەشتەرگەری دڵیان بۆ کردبوو.

ــ ئەو شاعیرێکی گەورەی فەلەستینه، هەموو فەلەستینیەکان پێویستیان به کەسی وەک درویش هەیە، من دڵی خۆمی پێشکەش دەکەم.!!

(من له خێزانێکی موسڵمان له دایکبووم، براکەم زوو بووە شیوعی، له تەمەنی 13 ساڵییدا بەشداری شەڕی ناوخۆی ئیسپانی کردووە، ئەو حەزی دەکرد بۆ هەڵویستە پیرۆزەکەی گیانی خۆی بکاتە قوربانی، له ساڵی 1942 فاشیە ئیتالییەکان لەسێدارەیان دا، کوشتنی ئەو بۆ من کارەسات بوو، بۆ ئەو شیعرێکم به ناوی (له ساڵی 1923 له دایکبوو و له ساڵی1942 لەسێدارە درا) م بۆ نووسی، ئەو شیعرە منی به خوێنەران ناساند. که شاعیرەکان شیعریان به سەرۆک (تیتۆ) هەڵدەدا، ئەو بەو جۆرە شیعرانە دڵی خۆش نەدەبوو، به شیعرەکانم دڵی دەکرایەوە، من بەو گوللەیەی له دڵی براکەم درا بوومە شاعیر، زۆر داوەت دەکرام، که شەڕەکان وەستا، هەموو له نووسینی شیعر وەستان، بەڵام من بەردەوام شیعرم بۆ شەڕ دەنووسی، که باسی ڤیانیشم دەکرد، رەنگی شەڕی پێوەبوو، ئیتالیاکان براکەی منیان کوشت، بەڵام ئێمە هەموومان لهماڵەوە ئیتالیەکانمان خۆشدەویست، من بەردەوام شیعرم نووسی، شیعرەکانم کرانه ئیتالیش).

(من وام دەزانی منیش وەک لۆرکاو پۆشکین و مایکۆفسکی زوو دەمردم، بەڵام که تەمەنم گەیشتە 50 ساڵ، هەستمکرد، وا من له مردن نزیک بومەتەوە).

(ئێمە تارمایی شەڕمان بەردەوام لەسەربوو، بۆیە ناچاربووین سەیری جوانیەکانی زستانیش بکەین، له پەنجەرەی ترێنە خێراکانەوە تەماشای دەرەوەمان کردووە، من زۆر ئیلهامم له خۆشەویستەکەم بۆ دەهات، ئەوەی پاشان بووە هاوسەرم، من چاک دەزانم بێ ئەڤین شیعر نانووسرێت، له لای من شیعر نوسین وەک نەمام چاندن وایە، دەبێ له هەواو له بۆشاییەکانیش نەمام بروێت، ئەو نەمامانە بەیانی دەبنە باخ).!

که له ساڵی 1968 شۆڕشی خوێندکاران سەریهەڵدا، خوێنی زۆر رژا، سەرکردەی خوێنرێژی ئیمرۆ (کارادگیتش) سەرکردەی ئەو شۆڕشەبوو. سەرکردەکانی ئەو رۆژەی راپەرینەکان دەیانووت، دەبێ جیهان بگۆرێت، منیش دەمووت، دەبێ جیهان جوان بکرێت، ئەوە فەلسەفەی من بوو، که خۆشەویستیم کرد، کیژە کاسۆلیکیم خۆشویست، ئەویش بووە هاوسەرم.

(ئەوەی خیانەت لەگەڵ ئەڤین بکات، کەسی بکوژی لێدەردەچێت، کەسی تاوانبار دەبێت، لای ئاساییە خوێنی منالیش برژێت، وەک کارادگیتش! ئەوانە تەنها به 200 مارک مرۆڤێکیش دەکوژن، لایان ئاساییە)!

(رەخنەگرتن له شیوعیەت بووەتە مۆدیل، دەڵێن سۆسیال دیموکراتەکانیش شیوعیین)!.

(من جاران رام وابوو، شیوعیەت چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ دەکات. بەڵام هەرەسی هێنا، من نەچووم بەشداری ناشتنی تەرمی شیوعیەت بکەم، من پەشیمان نیم که وتوومە: سوورە وەک شیوعیەت! هەروەها پەشیمانیش نیم ئەو سەعاتانەی مارکسیەتم خوێندۆتەوە).!

(سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی وڵات بوم، شیوعیەکان منیان دەرکرد، ئەو پۆستەیان بە مـن رەوا نـەبینـی، شـاعیرەکـان شیعریان بۆ دەنووسین، بەگەرمیش چەپڵەیان بۆ دەکووتان، من ئـەو دەمانـە خـەریکـی خوێندنـەوەی شـاکارەکـانی ئیلـوارو لۆرکاو مایکۆفسکی بووم، ئەوانەی دوێنی وا ئیمرۆ بەرگری لە بازاڕی ئازاد دەکەن! ئـەو خۆرئاوایـە سـەیـرە ئـەوەی (لادەر) بوو، بە هیمای سەرکەوتن و ئازادییان دەزانی، وەک چۆن شاعیری رووسی (ئادوارد لیمونۆف) ی لادەر ناسراوبوو، ئیمرۆش بە شانازییەوە وا کلاشینکۆفی کوشتن دەداتە دەست کەسێکی خوێنرێژی وەک کـارادگیتش، تـا زاڵمانـە زارۆک و پـیـران لـە سرایێڤۆ بکوژێت. من هەرگیز لە کۆبونەوەو دیمانی زۆرداران ئامادەنەبووم، ئەوانەی ماستاویان بۆ تیتۆ دەکرد، بە ئێمـەشـیان دەووت شاعیرانی بۆگـەن و رزیـیـوو، چونکـە مـن داوەتـە رەسـمـییەکـان نـەدەچـووم. وا ئـیـمـرۆش ئـەوانـە دوژمنـی گـەورەی شیوعیەتن. رۆژێکیان لە ریزی وەرگرتنی پارەی مانگانەی خانەنشینی وەستابووم، لەوێ یەکێکم لەوانـە بینـی، مووچـەکـەی سێ سەد مارک لە من زۆرتربوو، بەڵام من فەرمانبەرانی نـاو بانکـەکـە پێشوازی گـەرمیـان لـە مـن دەکـرد، بۆیـە بـە خـۆم نەوەستام و وتم:

تۆ مووچەکەت لە من زۆرترە، کاتی خۆشی تۆ منت لە سەرۆکایەتی یـەکێتـی نووسـەران دەرپـەڕانـد، ئـەوانـەی گوێیـان لێبوو، پێکەنین و ئەویش بە ناچاری سەری شۆڕکردو رۆیشت).!

کە نازم حیکمەت مرد، هەمان رۆژیش پاپا مـرد، مـن شـیعرێکم بـە نـاوی (مردنـی شـاعیر) نووسـی، بـۆ مـەرگی نـازم حیکمەتم نووسی، لەو پارچە شیعرەدا وتبووم:

بۆ پاپا چەند ئاڵا نەوی کرا، بەڵام من بۆ مەرگی نازم حیکمەت شیعرێکم نووسی، ئاڵایەکم نەوی کرد.

لە ساڵی 1963 رۆشنفکرە تورکەکان پارچە شیعرەکەیان کردە تورکی و بڵاویان کردەوە، پاش ئەو شیعرەم چەنـدین پارچە شیعری ترم کرانە تورکی، من پار لە شاری ئەستنبوڵ خەڵاتێکم وەرگرت، لەوێ بە رۆژنامەنووسانم وت:

باشە داواکارم ئەگەر ساڵێکی تر گەرامەوە ئەو شارە، با شەقامێک بە ناوی نـازم حیکمـەت بکـەن، هـەر لـەبـەر پارچـە شیعرەکەی یەکەمم چەند داوەتی ترم بۆ هاتەوە، بۆیە من دەڵێم (شیعر بێ سوود نییە)!

* ژیانە پەخشانە، نەک شیعر، من وا هەست دەکەم. باسترناک لە دکتـۆر جیڤـاکۆدا ئـەو بیـردۆزەی سـەلماندووە. مـن دەڵێم پەخشان زیندووترە، کە مرۆڤ هەست بەوە دەکات بـە ناچـاری شـیعری جـوان بنووسـێت! ئیمـرۆ بـە نووسـینەکـانی مارکیز دەڵێن خەیاڵە، خەیاڵێکی رووت، منیش دەڵێم نەخێر ئەو واقیع دەنووسێت، نەک خەیاڵ.

شیعرەکان پەردەو دەمامکیان لەسەرە! وشکن کەم کەس لێیان حـاڵی دەبێـت، بۆیـە دەبـێ شـیعر سـادەو رەوان بـێ، ناکرێ شیعر گەوهەری پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی لەدەسـت بـدات. بـەڵام شـیعری نـوێ زۆری وشـەسـازییە، نـەک راستی و واقیع دەربرین وەک نازم حکمەت و بابلۆ نیرۆداو لۆرکا نانووسن، من لەسەر شێوازی ئەوان شیعر دەنووسم، شیعر جوانکاری نییەو بەس، بەڵکو شێوە شاکارەکان جەمالیاتیان تێدایە! شیعر خۆی دێتە لام، من ناچمە لای شیعر.

* شیعرەکانی دواییم لەبەر رووناکی فانووس و چراو لە ژێـر زەمینـەوە نووسـراون، کـە سـرایێڤۆ بۆمبابـاران دەکـرا مـن شیعرم دەنووسی، کە هەزاران دەکوژران، کە کارەباو ئاوو خواردن و جگەرەو هیچمان نەبوو، کە زانیم کۆتایی جیهان هـەیـە من شیعرم نووسی. کە هەستم کرد دلۆڤانی هەیە بـۆ مرۆڤایـەتـی شـیعرم نووسـی، کـە هـەسـتم کـرد خۆشـی و کامـەرانـی بەرقرارە بۆ بیرو هەڵوێستەکانم شیعرم نووسی، وام دەزانی هەموو قەسیدەیەکم دوا قـەسـیدەیـە، وام دەنووسـی کـە چیتـر ناژیم، دوا دیوانم ماڵئاواییە.

جوانترین نمونەشم ئەوەیە هاورێم (درفیش ئیماموڤیتش) لە نەرویژ نازییەکان گرتیان، کە شـەڕەکـە تـەواوبـوو ئـازادبوو گەڕایەوە سۆڤیەت، ئەوانیش دووبارە لە زینـدانیان ئـاخنی، بـە جاسـووس تاوانباریـان کـرد، کـە سۆڤیەت هـەرەسـی هێنـا گەڕایەوە سرایێڤۆ ، کە شەڕ هەڵگیرسا ئەو مرد، ئەگەر ئەوانە پێشەواو وەزیرو سەرۆک بن .. ئەوروپا نەدەگەیشتە ئیمرۆ!!